ژمارەی داهاتوو:

- دەقێکی نوێی بەرزان هەستیار
- ئەوکاتەی پاسەوانانی خودا من دەکوژن!

# ئەدەب و کولتوور

ڕووداو

Email: bijar.hekim@rudaw.net

ژمارە (4) دووشەممە 2017/1/23




# (دواهەمین هەناری دنیا)ی بەختیار عەلی بە کورمانجی

## بەختیار عەلی:

## بە کورمانجیکردنی ئەو ڕۆمانەم پێ گرنگترە لە وەرگێڕانی بۆ ئەڵمانی و ئینگلیزی

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

وەرگێڕ بەسام مستەفا، بە کورمانجیکردنی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا) ی نووسەر بەختیار عەلیی تەواو کردووە و بڕیارە مانگی داهاتوو ئەو ڕۆمانە لە چاپخانەی ئاڤێستا لە ئیستەنبوڵ چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

بەختیار عەلی لەبارەی بە کورمانجیکردنی ڕۆمانەکەی بە وەرگێڕ بەسام مستەفای ڕاگەیاندووە، ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا پێشتر بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە و تاوەکو ئێستا چوار جار چاپکراوەتەوە، بەڵام گواستنەوەی ئەو ڕۆمانە لە سۆرانییەوە بۆ لاتینی کورمانجی لەلای من لە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی گرنگترە، چونکە بە کورمانجیکردنی ئەو ڕۆمانە هەناسەیەکی گەرموگوڕی دیکەی ئەدەبی دەداتە شێوەزارەکان و دڵخۆشم بەوەی ئەو ڕۆمانە بە کورمانجی دەکرێت.

بەسام مستەفا، کە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیای بۆ کورمانجی گواستووەتەوە، یەکێکە لە کارمەندانی تۆڕی میدیایی ڕووداو و سەرەڕای کاری خۆی وەکو میدیاکار، تاوەکوو ئێستا 10 بەرهەمی ئەدەبی لە سۆرانییەوە بۆ کورمانجی گواستووەتەوە، لەوانەش بەرهەمی نووسەران: عەتا نەهایی، محەممەد موکری، فەرهاد پیربال و شێرزاد حەسەن.

بەسام پێش ئەم دوایین کارەی، هەرسێ ڕۆمانی بەختیار عەلی: ئێوارەی پەروانە، جەمشیدخانی مامم و کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی کردووەتە کورمانجی کە ئەو ڕۆمانانە بە کورمانجی لە باکووری کوردستان پێشوازییەکی زۆریان لێکراوە.

بەسام مستەفا، لەبارەی بە کورمانجیکردنی ئەم ڕۆمانەی دوایی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند «بە کورمانجیکردنی ئەو ڕۆمانە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی منە کە دەمەوێ سەرجەم بەرهەمەکانی بەختیار عەلی لە شێوەزاری سۆرانییەوە بگوازمەوە سەر شێوەزاری کورمانجی، چونکە بە باوەڕی من بەختیار عەلی هیچی لە ئەدیبانی جیهان کەمتر نییە».

گوتیشی: «بەڕاستی حەیفە بەرهەمەکانی بەختیار عەلی تەنیا لە چوارچێوەی یەک شێوەزاری زمانی کوردی، قەتیس بمێنن».



# سلڤادۆر دالی، ئەو وێنەکێشەی خوێندنی هونەری ڕەتکردەوە

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

سایتی «زە لۆکال»ی ئەورووپی بڵاوی کردووەتەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی «سلڤادۆر دالی» وێنەکێشی بەناوبانگی جیهانی لە قوتابخانەی هونەر، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی تاقیکردنەوەی ئاستی تابلۆ و توانا هونەرییەکانی لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە کە دالی پێیوابوو لەئاستی ئەودا نین تاوەکو تابلۆکانی هەڵبسەنگێنن.

ڕووداوێکی سەیرە، بەڵام یەکێکە لەو شەش باس و خواسانەی کە لەبارەی بەناوبانگترین وێنەکێشی سەدەی بیستەمەوە بڵاوکراونەتەوە.

سلڤادۆر دالی گوتبووی هیچکام لە مامۆستاکانی قوتابخانەکەی لەو ئاستەدا نەبوون تابلۆکانی هەڵبسەنگێنن، بۆیە لە خوێندنی هونەر کشاوەتەوە و نەبووەتە خاوەنی بڕوانامە.

سلڤادۆر پاڵنەرێکی شاراوەی لەپشتەوە هەبوو لە تەواونەکردنی خوێندنی ئەکادیمیای هونەر، چونکە ئەگەر خاوەن بڕوانامە بووایە، باوکی هاوکارییە دارایییەکانی لێ دەبڕی و بێبەشی دەکرد، بۆیە هەر زوو ئەم وێنەکێشە سووریالییە دەستبەرداری خوێندنی زانکۆ بووە و ڕوویکردووەتە پاریس، لەوێ نیشتەجێ بووە و بەهۆی هاوکارییە داراییەکانی باوکییەوە دەژیا.

سلڤادۆر، نۆ مانگ دوای مردنی برا گەورەکەی چاوی بەدونیا هەڵهێنا. برا گەورەکەشی ناوی سلڤادۆر بوو، دایک و باوکی پێیان وابوو، سلڤادۆر دووبارە زیندوو بووەتەوە. تەنانەت دالی خۆیشی باوەڕی وابوو کە خۆی خودی براکەیەتی. لە چەند تابلۆیەکیشدا وێنەی براکەی کێشا، لەوانە تابلۆ زۆر بەناوبانگەکەی بەناوی «پۆرترێتی برا کۆچکردووەکەم».

لەم ڕوانگەیەوە، بەبۆنەی ساڵیادی ئەم هونەرمەندە ئیسپانییە، ماڵپەڕی «زە لۆکال» باسێکی نەستەقی سلڤادۆری بڵاوکردەوە لەبارەی ئەوەی لەساڵی 1973 کتێبێکی تایبەتی بۆ چێشتە دروستکراوەکانی خۆی چاپ کرد. دالی بەشێکی کاتەکانی خۆی لە ژووری چێشتلێنان بەسەر دەبرد و لە کتێبەکەیدا خواردنەکانی خۆی باس کردووە وەک چێشتی تایبەتی سلڤادۆر. ئەو پێی وابوو چێژوەرگرتن لە خواردن گرنگترە لە بایەخدان بەڕێژەی کالۆرییەکان. بەردەوام دەیگوت «خۆتان لەو کەسانە بەدوور بگرن کە چێژی خواردن دەکەنە ئازاری دۆزەخ».

کۆمپانیای بەناوبانگی بەرهەمی سینەمایی «والت دیزنی» داوای لە سلڤادۆر کرد هەماهەنگییان لەگەڵ بکات بۆ بەرهەمێکی هونەری و دواتر ڕێککەوتن لەسەر بەرهەمهێنانی زنجیرە فیلمی کارتۆنی»دیستینۆ». بەڵام ئەم زنجیرەیە لە ساڵی 2003 لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە بڵاوبووەوە لە کاتێکدا مێژووی بەرهەمەکە بۆ ساڵی 1945 دەگەڕایەوە.

یەکێک لە نیگەرانییەکانی سکرتێرەکان و ئەو کارمەندە کچانەی لەلای سلڤادۆر کاریان دەکرد، ئەوە بوو کە ئەم هونەرمەندە لە جیاتی مووچە، تابلۆکانی خۆی دەدانێ و ئەوساش پارەیەکی باشیان نەدەکرد، بەڵام دواتر وەک سامانێکی پڕ بەهایان لێهات و چەند کەسێکیان بەهۆی تابلۆکانییەوە بوونە خاوەنی سامانێکی زۆر.

سلڤادۆر دالی لە 11ی ئایاری 1904 لە شاری گرناتەی ئیسپانیا لەدایک بووە، ڕۆژی 23ی کانوونی دووەمی 1989 لە هەمان شاردا کۆچی دوایی کرد. یەکێکە لە وێنەکێشە بەناوبانگەکانی جیهان و کارەکانی زۆر ناوازەن، بەشێوەیەک مرۆڤ ناچاری ڕامان دەکەن.

# ڕانانێک بۆ کتێبی
# «سەرەتایەک دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەوروپی»



**میران قادر ئەحمەد**

ئەم کتێبە کە لەلایەن (شوان ئەحمەد) ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، گێڕانەوەی زنجیرەبەندی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە گرنگانەیە کە بە درێژایی چەندین سەدە، مێژووی ئەوروپا پێیاندا گوزەری کردووە و بەشداربوون لە ڕەنگرێژکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و لەڕێگەی خستنەڕووی تێزە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی نووسەرانی ئەو سەردەمەشەوە دەیەوێت ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت کە خەباتی فیکر و کاریگەریی خامەی نووسەران کاریگەرتربوون لە تەواوی ئەو جەنگانەی جگە لەماڵوێرانی، ئەزموونێکی زیادەیان نەخستە سەر خەرمانی تێکۆشانی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی ئەبەدی، بەڵام بۆئەوەی خوێنەر ئاسانتر لە بایەخی ئەم هەوڵە و ناوەڕۆکی کتێبەکە تێبگات، پێویستی بەوە دەبێت گوزەرێکی خێرا بەسەر تەواوی ئەو قۆناغانەدا بکات تاوەکو ئاشنابێت بەو ڕاستیەی پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بەرهەمی خەباتێکی درێژمەودای پڕ ئازاری بەردەوام بووە بەم شێوەیە:

**سەدەکانی ناوەڕاست:**

هەر خوێندنەوەیەک بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی پشت ئەو پێشکەوتنە هەمەلایەنەی ژیانی تاکی ئەوروپی، بەبێ ڕەچاوکردنی وردەکارییەکانی ئەو داهێزرانە ڕۆحییەی ئینسانی ئەم کیشوەرە لەو قۆناغەداچەشتوویەتی، هەوڵێکی کەموکورتی بێ سەمەر دەبێت و نامانگەیەنێت بەو ڕاستیانەی مەرجی پێشوەختن بۆ ئاشنابوون بە هۆکاری پشت ئەو گەشەکردنە فیکری و زانستیانەی بەدەست هاتن. پاش هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی و یۆنانی، قۆناغێکی تەواو تاریک و ئەنگوستەچاو لە ئەوروپادا دەستپێکرد، ئەویش خۆی لە زاڵبوونی باوەڕی ئاینی و هەژموونی پیاوانی کڵێسا بەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەبینییەوە و لەڕێی بڵاوکردنەوەی ترس و پیشاندانی مرۆڤ وەک کائینێکی دەستەمۆی بێدەسەڵاتی بێ ئیرادەی داماڵڕاو لە هەر توانایەکی گۆڕانکاری، قەشە و دەسەڵاتدارانی کڵێسای کاسۆلیک بەشداربوون لە خولقاندنی قۆناغێکی تاریکی مێژوویی و ئینسانی ئەوروپی لەژێر کاریگەریی ترس لە دونیای مردن و هەستی خۆبەتاوانبارزانین و جیبەجێکردنی خواستەکانی کڵێسادا، بێبەش کرا لە تەواوی چێژەکانی ژیان. بەم جۆرە باوەڕی تیۆلۆژی لەبری خولقاندنی دەرفەتی ڕزگاریی تاکی ئەوروپی، بەپێچەوانەوە بەئامانجی هێشتنەوەی هەژموونی کڵێسا و چنینەوەی زۆرترین دەستکەوتی مادی و لەڕێی فرۆشتنی (بلیتی لێخۆشبوون) و پیشاندانی دونیا وەک دۆزەخی خۆشبەختیی مرۆڤ و پێویستیی هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی پاش مردن، ڕۆڵێکی تەواو نەگەتیڤیان گێڕا لە تاریکاندنی ئەو ژیانەی ئینسان لەسایەیدا هەستی بەهیچ جۆرە ئاسوودەییەک نەدەکرد. ئەوەشی یارمەتیدەر بوو لەم هەوڵانەدا ڕێککەوتنی نێوان میری وڵاتان و ڕابەرانی ئاینی بوو، ئەمە سەرباری لاوازیی ئاستی هۆشیاری و برسێتی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کوشندەی تاعوونیش هێندەی تر باوەڕی خەڵکی لەئاست کڵێسە تۆکمەتر کرد، بەجۆرێک هەر دەرچوونێک لەو تێگەیشتنە بەهۆکاری خولقێنەری نەهامەتی و ئامرازی تیاچوونی مرۆڤ هەژمار دەکرا. هەر لەم قۆناغەدا (دادگاکانی پشکنین) دروستکران بەئامانجی کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی دژ بە کڵێسا، ئەوەشی پشکی شێری لێپرسینەوەو بەسزاگەیاندنی ئەم دادگایانەی بەرکەوت، ئەو زانستخوازانە بوون کە لەڕێی دۆزینەوەی زانستیی نوێوە هەوڵیان بۆ گۆڕینی تێڕوانینی خەڵک دەدا و لەو ڕێگەیەوە کاریان بۆ سەلماندنی ڕاستییەکی جیاواز لە باوەڕی پیاوانی ئاینی دەکرد، لەوانەش گالیلۆی زانای بواری فیزیا.

**ڕێنیسانس:**

لەم قۆناغەدایە کەمین هەنگاوی کردارییانە نرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە کەلەپوورخواز و توندوتیژ و دەمارگیرە ئاینییەی سەدەکانی ناوەڕاست، بەمەش یەکەمین بزمار درا لە تابووتی ئەو تێڕوانینە باوەی ئاین و پیاوانی ئاینییان خستبووە دەرەوەی هەر جۆرە میتۆدێکی ڕەخنەلێگرتن و لێپرسینەوەوە، واتە ڕوونتر بڵێین، ڕێنیسانس دەستپێکی هەوڵێکی جدی و پڕ سەرکێشی نوخبەی عاقڵمەندی ئەوروپی بوو دژ بەو پێگە قایمەی بەدرێژایی چەندین سەدە پیاوانی ئاینی دروستیان کردبوو، لێرەشەوە ململانێ لەنێوان نوخبەی تیۆلۆژیست و ئەو کەمینە عەقڵگەرایانەدا دروست بوو کە دەیانویست هەموو ڕاستییەکانی ژیان و بوون بخەنە ژێر توێژینەوەی عەقڵییەوە. لێرەشەوە ململانێیەکی خوێناوی لەنێوان شوێنکەوتووانی هەردوو ڕەوتەکەدا دروست بوو کە ئاکامەکەی بە کوشتن و دەربەدەرکردنی دەیان فەیلەسوف و شوێنکەوتووانیان کۆتایی هات، بەڵام ئەوەی ڕێخۆشکەر بووە لەبەردەم هاتنەدی ڕێنیسانس، دۆزینەوەی زانستیی کۆمەڵێک لە زانایان بوو، لەوانەش گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس، لێرەشەوە گومان خرایە سەر ناوەڕۆکی ئاینی مەسیحی و بومەلەرزەیەکی بەهێزیان لەنێو هەناوی ئیمپراتۆرییەتی مەسیحیدا دروستکرد و تادەهات زیاتر گومان دەکەوتە سەر ئەو تێڕوانینە باوەی پیاوانی ئاینی کە لەخەڵکیان گەیاندبوو. واتە پێشکەوتنی زانستی ڕەخسێنەری دەرفەتێکی زێڕین بوو، ڕووەو وەرچەرخانێکی مێژوویی کاریگەر کە لەگەڵ خۆیدا دەرگای بەسەر زۆر ڕاستی تابۆکراودا کردەوە.

**ریفۆرمی ئاینی:**

هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی دین وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین پشک لە بەرژەوەندیی تایبەت و دەستکاریکردنی دەقەکانی ئینجیل بەوجۆرەی خزمەت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی قەشە و پیاوانی ئاینی دەکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی زەلیلی دەستەمۆی ترسێنراو لە خۆشییەکانی دونیا و پیشاندانی وەک تەنها وەسیلەیەکی قورمیشکراو بۆ جێبەجێکردنی خواستی خواوەند دوور لە ویست و ئیرادەی خۆی، شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی لەنێو هەناوی ئاینزای کاسۆلیکدا بەدوای خۆیدا هێنا و داوای گەڕانەوە بۆ ئەسڵی دین و دوورکەوتنەوە لەو سرووتە ئاینییانەی دەکرد دوور و نزیک پەیوەندییان بەجەوهەری دینەوە نەبوو، لەگەڵ دەرکەوتنی قەشە (مارتن لۆسەر)ی ئەڵمانیشدا هەژانێکی گەورە و شڵەژانێک عەرشی دەسەڵاتدارێتی کاسۆلیکی لەرزاند و ئیمپراتۆرییەتی مەسیحی دووچاری جەنگێکی ماڵوێرانکەری ئاینی هات و چیدی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست وجودی نەماو کۆمەڵگەی مەسیحی دابەشی دوو بەرەی پێکهەڵپژاوی دژبەیەک بوو، لە سەرئەنجامیشدا ئاینزای پرۆتستانت لەسەردەستی مارتن لۆسەر ڕاگەیێنرا و لێرەشەوە ئەوروپا داخڵ بە جەنگێکی ئاینیی ناوخۆیی هات و سەرباری درێژەکێشانی جەنگەکە بۆ ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ، لەگەڵیشیدا کیشوەرەکە دووچاری دابەشبوونێکی ترسناکی ئاینی هات و لەژێر قەڵەمڕەوی هەریەک لەو ئاینزایانەدا شاڵاوێکی کوشندەی ترسێنەری پڕ لە کوشتوبڕ دژ بە لایەنگرانی ئاینزاکەی تر گیرایە بەر، بەمەش مارتن لۆسەر زەنگی یەکەمین جەنگی دژ بە دەمارگیری و ستەم و داخرانی پیاوانی کڵێسای لێدا و کۆی کایەی سیاسەت و ئاینی لە ئەوروپا دابەشی سەر دوو بەرەی دژبەیەک کرد. لێرەشەوە ریفۆرمی ئاینی و گەڕانەوە بۆ بنەما بنەڕەتییەکانی ئاینی مەسیحی و پێویستیی ڕێزگرتن لە پێگەی عەقڵ و داهێنانە زانستییەکان و دوورکەوتنەوە لە داخران و دەمارگیری و پێویستیی کاری پێکەوەیی نێوان پیاوانی ئاینی و زانایان و فەیلەسوفان دەستپێکی قۆناغێکی تەواو جیاوازی پرشنگدار بوو لە خەباتی مەدەنیانەی ئەهلی بیرو زانست. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ زانایان تا لەڕێگەی داهێنانی زانستییەوە هەم خزمەت بەڕەوتی پێشکەوتنی زانست بکەن و هەمیش کاربکەن بۆ بەتاڵکردنی سیحری درۆی پیاوانی ئاینی و پاککردنەوەی دین لەو خورافات و جەهل و زیادەڕەوییانەی بەدرێژایی ئەو قۆناغە مێژووییە بەربەست بوون لەبەردەم پێشکەوتنی هزری مرۆیی و گەشەو داهێنانی بواری زانست.

**سەردەمی ڕۆشنگەری:**

هەر لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە بزاوتی فیکری لە ئەوروپا لە جووڵەی بەردەوامدا بووە دژ بەو واقیعە داخراوە نائەقڵانییەی کە ئاستەنگ خرابووە بەردەم هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێکی ئەقڵانیانە لەدەرەوەی تێگەیشتنە تیۆلۆژییەکان بۆ پێشهات و گۆڕانکاری و شیکارکردنی بابەتگەلی وەک ڕۆڵی زانست و تێڕوانینی فەلسەفیانە بۆ کۆی ئەو دیاردانەی هەرجۆرە قسەکردنێک لەبارەیانەوە بەبەزاندنی ئەو هێڵە سوورانە هەژمار دەکرا کە باوەڕی کلاسیکیانەی کڵێسای کاسۆلیک سەپاندبووی، بۆیە دەبینین بە درێژایی سەردەمی پاش ڕێنیسانس فەیلەسوفانی وەک دیکارت و دیدرۆ و پاشانیش ڤۆڵتێر و سپینۆزا و کانت و.. هتد سەرباری ئەو کەشە جەهەننەمییەی دادگاکانی پشکنین دژ بەهەر تێگەیشتنێکی ئەقڵانی و شیکارکردنێکی فەلسەفیانە دروستیان کردبوو، بەڵام ڕێگر نەبوو لە جووڵەی کەشتی ڕزگاریی چینی دەستەبژێری ئەوروپی و دیکارت لە ڕێگەی میتۆدی توێژینەوەی ئەقڵانیەوە هەموو دیاردەو وردەکارییەکانی ژیانی خستە ژێر توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەقڵانییەوە، ئەگەرچی دین لە دەرەوەی ئەو میتۆدەی دیکارت بوو، بەڵام لەڕێگەی باسکردن لە ڕۆڵی زانست و توانای مرۆڤ بۆخوڵقاندنی گۆڕانکاری، زەمینلەرزەیەکی لەنێو دڵی دەسەڵاتدارێتی مەسیحیەت دروستکرد دواتر و لە بەردەوامی ئەو هەوڵانەدا سپینۆزا لەڕێی گومانکردن لەبوونی وەحی و بێبایەخکردنی سرووتە ئاینییەکان و تەنانەت گومانکردن لەبوونی خواوەند، داروپەردووی کۆشکی ژەنگگرتووی مەسیحیەتی دووچاری لێکترازان کرد، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی ئەو هەوڵانەشدا هێشتا نەبووە هۆی بڕینی دەستی پیاوانی کڵێسا لەسەر کۆی ئاستەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام بەدەرکەوتی ڤۆڵتێر و کانت تادەهات تێگەیشتنی خەڵک بۆ دەقەکانی ئاین دووچاری گومان و ڕەتکردنەوەی زیاتر دەهات و ئەو مەشخەڵەی دیکارت نەیتوانی بیگەیەنێتە دوامەنزڵ، ڤۆڵتێر هات و لەڕێگەی باسکردن لە پێویستیی هەڵسەنگاندنی ئەقڵانی و فەلسەفی بۆ خودی دین و یاسا، باوەڕی گشتیی بە ئاین لەرزۆکتر کرد. ئەو وای دەبینی کە ناکرێت دین بەدەرکرێت لە هەرجۆرە شیکارکردنێکی ئەقڵانی، چونکە هەرجۆرە بەدەرکردنێکی لەوجۆرەی بە ئامرازی گومانکردن لەحەقیقەتی ئیلاهیبوونی ئاین هەژمار دەکرد و دواتریش کانتی ڕابەری فەلسەفەی ڕۆشنگەر هات و بەشدار بوو لە کورتکردنەوە و بڕینی نزیک بەمەرگی دەستی پیاوانی ئاینی لە وردەکارییەکانی ژیان و ڕێگریان لێکرا لە هەر جۆرە سەپاندنێکی ئاین دوور لە ویستی تاک، ڕۆشنگەری ڕاپەڕینێکی ئەقڵانی مەدەنی پیاوانی فیکر بوو دژ بە عەقڵیەتی ژەنگگرتووی کاربەدەستانی کڵێسا، شەڕی سەپاندنی ئەقڵ بوو بەسەر بەندوباوی کلاسیکیانەی تیۆلۆژی، هەوڵ بوو بۆ بڕینی دەستی ئەو پیاوانەی لەپشت ئاینەوە دۆخێکی جەهەننەمی پڕ لە ترس و ناسۆریان خولقاندبوو، بەرزکردنەوەی دروشمی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بوو دژ بە عەقڵیەتی دەمارگیری و جیاکاریی مەزهەبی و سوودوەرگرتن لە ئاین وەک ئامرازی خۆدەوڵەمەندکردن و سیخناخکردنی ژیانی هەژاران، هاواری فەیلەسوفانی ڕۆشنگەر هاوار بوو دژ بەستەم و نادادی و زەبروزەنگی پیاوانی ئاینی، خەبات بوو بۆ دابڕینی ئاین لەسەر ئاستی سیاسی و بەڕێوەبردن و دانانی وەک بەهایەکی ڕۆحیانەی دوور لە هەرجۆرە فشار و سەپاندنێکی ناچاریانەی دەقەکانی ئاین دوور لە خواستی تاک.

لە وێستگەی کۆتایی کتێبەکەدا نووسەر ئاماژەیەکی کورتی کردووە بەسەردەمی مۆدێرنە کە تێیدا ئاین بەشێوەیەکی نیمچە کۆتایی پاشەکشێی کرد لەسەر ئاستی ژیانی گشتی و بەشێک لە پیرۆزییەکانی لێ داماڵرا ئەگەرچی پیاوانی کڵێسا لە هەوڵی بێوچاندا بوون بۆ گەڕانەوەی هەژموونی ئاین بۆ نێو فەزای ژیانی گشتی.

# نووسەر وەک مرۆڤێکی دوو کەرت



**غەمگین بۆلی**

نووسەر بۆ نووسین پێویستی بەوە نییە مۆڵەت لە کەس وەربگرێت. هەرگیز مۆڵەتم لە کەس وەرنەگرتووە بۆ نووسین، بەتایبەت نووسینی شیعر. ئاخر شیعرنووسین نە پێویستی بەمۆڵەتە، نە پێویستی بەکاتێکی دیاریکراوە. هەمیشە نووسینی شیعر وەک یەکەم ڕۆیشتنی لافاو وا بووە، هیچ ڕێچکە و فۆرمێکی دیاریکراو و پێشوەختەشی نەبووە و نییە. بۆیە دەنووسم، چونکە ئەزموونی نەنووسینم تاقیکردووەتەوە وسەرکەوتوونەبوومەونەمتوانیوە بەسەرخۆمدا زاڵبم. هەمیشە ئەوانەی قووڵبوونەتەوە بەناو دونیای ئەدەبیاتدا، ئەگەر نەنووسن و نەخوێننەوە، نەخۆش دەکەون. هەست دەکەن ناتەندروستن، هەست دەکەن لە کاروانی ژیان بەجێدەمێنن. بە باشی هەست بە شتەکانی دەوروبەریان ناکەن. منیش هەست دەکەم خودێکی گەورە لەناووەمدا هەیە، کە خودێکە تایبەت بە نووسین و مرۆڤێکی دیکەیە لەناووەمدا دەژیت و گەورە دەبێت. ئەم خودە هەمیشە لە کێشکردن و گەشەکردندایە، خودێک وەک موگناتیس، هەموو ئەو شتانە کێش دەکات کە لە ڕێگەی تێهزرین و دیدگە جیاوازەکانەوە دەکەوێتە پێشی و بەپێی توانستی کێشکردنەکەی، بۆ خودی خۆی کێشیان دەکات. گومانیشی تێدانییە، کاتێک کێشی دەکات و ئەم کێشکردنە بەردەوام دەبێت، کردەی گەشەکردنەکەش کە پەیوەستە بە کێشکردنەکەوە، گەشە دەکات و هەمیشە بەسەر خودەکانی دیکەمدا سەرکەوتوو دەبێت و قەبارە و بارستایی گەورەتر دەبێت. پێموایە یەکێک لە هۆکارەکانی نووسین لە لقەکانی دیکەی ئەدەبیات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

من دەنووسم و ناتوانم نەنووسم! دەنووسم بۆ ئەوەی بزانم دەتوانم دژی مەرگ بوەستمەوە، تاوەکو زیاتر بژیم. چۆن گەیشتوومەتە ئەو ڕایەی کە بۆ ئەوەی بژین یان دەبێ ملکەچی بارودۆخ و سیستەمە پڕ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات ببین، یانیش دەبێت بجەنگین. نووسەر بەبێ جەنگین لەگەڵ خۆی و دەوروبەری خۆی، نووسەرێکی مردووە. ژیان بۆ نووسەر جەنگێکی گەورەترە لە زەمین، بۆیە دەبێت ئاقڵ بین و پەلە نەکەین لەم جەنگەدا. ئارامگرتن و بەردەوامی، باشترین هێزێکە دژی هەموو بەربەستەکان. هەرگیز بڕوا بە بۆچوونی ئەو نووسەرانە ناکەم کە لایان وایە دەرئەنجامی ئەم جەنگە، یان دۆڕانە، یانیش بردنەوە. ئەم جەنگە، جەنگێکی بەردەوام و بێبڕانەوەیە و هەرگیز کۆتایی نایەت. جەنگی نووسەر جەنگێکە سەرەتا لەگەڵ خۆی و دواتریش لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. بۆیە نووسین جۆرێکیشە لە سڕینەوەی کەسایەتی نووسەر و گەشەکردن و پەروەردەکردنی ئەو خودەیە، کە لەناو خودی نووسەردایە. دیارە زۆرێک لە نووسەرانیش لەمبارەیەوە کاریان لەناو خۆیاندا کردووە و نووسەر دوو پارچە بووە. پارچەیەک وەک مرۆڤێکی ئاسایی، پارچەیەکیش وەک مرۆڤێکی نووسەر. ڕۆمانی (قەڵای سپی) ئۆرهان پاموک دەشێت نموونەیەکی جوانی ئەم دووکەرتبوونە بێت، یان ڕۆمانی (شەوانی هیندی) ی ئەنتۆنیۆ تابووکی کە نووسەر لە ڕێگەی کەرتێکییەوە بەدوای پارچەکەی دیکەیدا وێڵە و بەناو شارەکانی هیندستاندادە گەڕێت.

# ئێتنۆمیوزیکۆلۆجی چییە؟



ئێتنۆمیوزیکۆلۆجیست: تواناحەمە



بەبڕوای زۆرینەی ئێتنۆموزیکۆلۆجیستەکان پێناسەی ئەم زانستە ساکار نییە، بەڵکو بەهۆی گشتگیری و هەمەلایەنییەکەی و جیاوازیی بۆچوونەکان لەنێوان خودی ئەو کەسانەی کە بەم زانستەوە سەرقاڵن، هێندەی دیکە پێناسەکردنی ئەم زانستە دژوار بووە.

لە دیارترین ئەو پێناسانەی کە تارادەیەک بەرچاوڕوونییەک دەبەخشێ، ئەوەیە کە لە فەرهەنگی موزیکی گرۆڤ the grove dictionary of music and musicians دا هاتووە و بەم جۆرە پێناسە کراوە: ئێتنۆمیوزیکۆلۆجی بریتییە لە گرنگیدان بەلایەنی کولتووریی کۆمەڵناسی موزیک و سەما لە بۆنە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا. پسپۆڕانی ئەم بوارە ئامادە دەکرێن لە بواری مرۆڤناسیی موزیک (Anthropology music) دا، بەڵام بەهۆی بەربڵاویی ئەم زانستەوە، هەر بابەتێک لەم بوارەدا خوێندندنەوەی جیای بۆ دەکرێت. (نێت) لێرەدا مەبەست لە بەربڵاویی لەلایەنی کرداری لە بوارەکەدایە «بەتایبەت لەو ساتەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەوە بڕیار بدەن، ئێتنۆموزیکۆلۆجی چییە؟ چۆن کارەکان ئەنجام بدەن، چۆن بیربکەنەوە؟ چۆن دەرەنجامەکان بەدەستبهێنن، یان بە چ جۆرێک لە ساتی ئەنجامداندا بن؟

برۆنۆنێتڵ Bruno Nettl دەربارەی ئەم زانستە دەڵێت: «ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە رابردوودا بە کاری ئەو کەسانە دەگوترا کە لەنێو فەرهەنگی موزیکی نارۆژئاوایی، یاخود لەو سنوورە بچووکتر لەنێو موزیکی ئەوروپایی کاریان دەکرد. هەروەها ئەوکەسانەی لە زەمینە و مەیدانی پەیوەند بە موزیکناسی (Musicology) و مرۆڤناسی (Anthropology) کاریان دەکرد. یاخود دەتوانرێت روونتر بگوترێت، بەرابەر بەم زانستە رشتەی موزیکناسی هەیە کە ئەو لە موزیکی نووسراوی ناو (شار)ەکان لە رۆژئاوا (ئەوروپا) دەڕوانێت و بە شێوەیەکی زانستی و بە نموونەی ورد هەڵوەستەیان لەسەر دەکات. هەندێک جاریش ئێتنۆموزیکۆلۆجی خۆی وەک موزیکناسێکی تایبەت و جۆرێکی دیکە لە موزیکناسی هەژمار دەکات». هەرچی لایەنە مرۆڤناسییەکەی ئەم زانستەیە، پێیوایە کە موزیک بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری مرۆڤایەتییە، بۆیە ناکرێت ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەبێ لێکۆڵینەوە لە تەواوی رەوش (Context) ە موزیکییەکەی و لایەنە مرۆڤناسانەکەی قسەی لەبارەوە بکرێت.

هەرچی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم زانستەیە، وابەستە بە زانستێکی دیکە بەناوی موزیکناسیی بەراوردکاری comparative of music دەکرێت، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هەم لە ئەڵمانیا سەری هەڵداوە. پایەکانی ئەم زانستە لەسەر زانستگەلێکی وەک: موزیکناسی، دەروونناسی، زماناسی، موزیک و نەتەوەناسی، زانستی دەنگ، ئامێرناسی و مێژووی موزیک بناغەی دانابوو. بەهۆی گەشەسەندنی ئەم زانستە لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕانکاری لە فۆرم و پێکهاتەی زانستەکەدا هاتەگۆڕێ. هەر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە لە موزیکی بەراوردکاریدا، دواجار زاراوەی (ئێتنۆموزیکۆلۆجی) لەساڵی 1950 لەلایەن لێکۆڵەری هۆڵەندی یاپ کونست (Jaa Kunst ) وەک ناوێکی نوێ بۆ ئەم زانستە پێشنیار کرا. لەڕووی وشەسازییەوە، ئێتنۆ (ethno) بە واتای (گەل، نەتەوە، گرووپ، هۆز) و موزیکۆلۆجی (Musicology) بە واتای موزیکناسی دێت. بە لێکدانی هەردوو زاراوەکە (Ethnomusicology) وەک زاراوەیەکی نوێ دێتە گۆڕێ». ئەگەر ئەم زاراوەیە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی دەتوانرێت: بە (موزیکناسیی گەلان) ناو ببرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتادا بواری کرداریی ئەم زانستە کنەکردن و گەڕان بوو بۆ خوێندنەوەی موزیک لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێگەی گەڕانێکی مەیدانیی مرۆڤناسانەوە، بە دوای وەڵامی پرسیارگەلێکی وەک: ئایا ئەم بابەتگەلە موزیکییەی نێو فەرهەنگەکان، پەیوەندییان بە مرۆڤناسییەوە چۆنە؟!

دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا زیاتر کاری لەسەر پەیوەندی (موزیک و مرۆڤ) کردبە سوودوەرگرتن لە پێشینە جیاوازە فەلسەفی و تیۆرە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤناسی. پاشان بەهۆی ئەوەی کە موزیک دەنگە، دواجار ئەم دەنگە پەیوەندی بە ئاکار و رەوشتی مرۆڤەکانەوە هەیە و پێیانەوە وابەستەیە، کاردانەوەی لەسەر لایەنی رەفتار و ئاکاری مرۆڤەکان دەبێت (بەتایبەت لە بۆنە کولتووری، کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی سیاسی و ئابووری، زمانناسی و ئاینی کە ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوون و پەیدابوونی هونەر لەناو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا». هەر بۆیە لە دیدگەی کردارییەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ئێتنۆمیوزیکۆلۆجی لە بناغەدا لەگەڵ سێ جۆر موزیک سەروکاری هەبوو.

یەکەم: کارکردنی ئەو کەسانەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم رشتەیە، کاریان لەسەر موزیکی کۆمەڵەیەک دەکرد کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا دەژیان (بۆ نموونە ئەو هۆزانەی کە لە ئەفریقا هەن)، ئەمانە بە هۆکاری نەزانین و بێ سەوادییان نەیانتوانیوە زمانی خۆیان بە هۆکاری نووسین و خوێندنەوە فراوان بکەن. هەرچەندە ئەم تیۆریە لەلایەن چەندین لێکۆڵەری (ئێتنۆموزیکۆلۆجی)یەوە رەخنەی لێدە گیرێت. بە پشتبەستن بەو بڕوایەی کە نەخوێندەواری نابێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەیەک جیابکەیتەوە، ناکرێت بەم هۆکارە باشی و ئاستیان دیاری بکرێت.

دووەم: ئەو دەستەیە کە کاریان لە بواری ئێتنۆموزیکۆلۆجیدا سنووربەندە و کار لەسەر موزیکی پێشکەوتووی ئاسیا و ئەفریقای باکوور و چین، ژاپۆن، جاڤا، باشووری رۆژئاوای ئاسیا، هیند، ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان دەکەن. بۆچوونی لێکۆڵەرانی ئەم جۆرە لە کارکردن وایە، کە ئەم وڵاتانە بەهۆی ئەوەی فەرهەنگی موزیکیان دەوڵەمەندە، دەتوانرێت بەراورد بە موزیکی رۆژئاوایی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. چونکە تایبەتمەندی خۆیان و جۆراوجۆریی و نۆتەنووسی و تیۆرەی موزیکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

کۆمەڵەی سێیەم: ئەوانەن کە کار لەسەر موزیکی فۆلکلۆری دەکەن، گەرچی گفتوگۆ و بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەم رەوتە هەیە، بەڵام ئەوان دەتوانن لەنێو کولتوورە پێشکەوتووەکاندا کار لەسەر ریشە و موزیکی سوننەتی کە بە شێوەی دەماودەم پارێزراون، لێکۆڵینەوەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی ئەنجام بدەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کە ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە زانستەکانی مێژووی موزیک، یان موزیکۆلۆجی جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئێتنۆموزیکۆلۆجی پشت بە میتۆدەکانی ئێتنۆگرافی دەبەستێ و لەڕێگەی گەڕانی مەیدانییەوە گرنگی بە زانیاریی زارەکەی ئەو کەسانە دەدات کە خۆیان بە کاری موزیکەوە سەرقاڵ دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا کارەکانی ئەم زانستە ئەو سێ دەستەیەی تێپەڕاندووە. لێکۆڵینەوەکانی ئێتنۆموزیکۆلۆجی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گلۆباڵیزم و کاریگەرییەکانیان لەسەر تەواوی کایە فەرهەنگییەکان، شێوازی جۆراوجۆری دیکەیان بەخۆوە بینیوە. هەر بۆیە زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە سەرجەم کۆلێژە موزیکیەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا وەک بەشێکی گرنگ لە بواری خوێندنی موزیک دادەنرێت و گرنگیی بەرچاوی پێدەدرێت.

سەرچاوەکان:

- بابک احمدی، موسیقی شناسی فرهنگ تحلیلی مفاهیم، چاپ: اول، نشر مرکز، تهران، 1389، 412.
- نیتل برونو، اتنوموزیکولوژی، ت: د. خوش زمیر مجتبی، چاپ: اول، 1345.
- حجریان محسن، مقدیمه ای بر موسیقی شناسی قومی، چاپ: اول، کتاب سرای نیک، 1386.

# خوێنەر هەمیشە لەوێیە!



فەروخ نیعمەتپوور

دەبیستین لە باشووری کوردستان خوێنەر یەکجار کەم بووەتەوە، دەبیستین ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر خوێنەر دەستدەکەون، ئەوەی کە نووسەرانی باشوور زیاتر بۆ ئەودیو دەنووسن، یاخود دوای نووسین چاویان لەوێیە. با لەو فاکتە گەڕێین ئێستاکە لەوێیش ئەم قەیرانی خوێنەرە دەبینرێ و زۆرجار دەبیستین نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان گلەیی لەوە دەکەن کتێبەکانیان نافرۆشرێ و بەرهەمەکانیان کەمترین رەنگدانەوەی لە بیروڕای گشتیدا هەیە. کەواتە گەر کەمێک لەم دوو بۆچوونەی سەرەوە نزیک بینەوە و بە چاوێکی وردتر سەیری بکەین، دەبینین دوو بۆچوونی دژبەیەکن. بەڵام دەتوانین بڵێین دۆخی خوێندەوار دەبێ لە باشووری کوردستان چەندە دژوار و قەیراناوی بێت کە رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ نموونەیەکی باشتر لە خوێنەری دەربەست و چالاک پێشکەش بکات!

گومان لەوەدا نییە بەگشتی لە دۆخە دژوارە سیاسیەکاندا، هەمیشە مەیلی خوێندن لەسەرترە و خەڵک بەگشتی زۆرتر بە شوێن کتێب و بابەتدا دەگەڕێن. لێرەدا بابەت و کتێب دەبێ بە سەرچاوەیەک کە دەتوانێ لانیکەم یان تەحەمولی شەوگارە درێژەکانیان لا ئاسانتر بکا و ئومێدیان تێدا نەکوژێ، یان ئەو سەرچاوانە دەبن بە کانییەک بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی شکاندنی تینوویەتی و سڕینەوەی گەرمای دژواری بیابان.

ئەزموونی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان وادەردەخەن کە ئەم حوکمەی سەرەوە راستە، هەر بۆیە کاتێک دۆخە دژوارە سیاسییەکان نەمان، ئیتر خوێنەریش ون دەبێ! بەڵام ئەزموونی وڵاتانی دیکە ئەمەمان پێناڵێ. بۆ وێنە لە نۆرویژ گەر رادەی حەشیمەتی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر هەڵسەنگێنین، دەبینین خاوەنی زۆرترین رۆماننووسە (بەم رادەیەش خوێنەری باش) بەبێ ئەوەی ئەم وڵاتە لە گێژەنی ئەو قەیرانە سیاسیانەدا بێت کە ئێمە پێی ئاشناین. ئەوە چییە دەبێتە هۆی ئەم جیاوازییە؟ بێگومان لێرەدا دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە چەند هۆکار و دیاردەیەک بکەین:

سەیرکردنی هونەر و ئەدەب تەنیا وەک ئامراز. لەو وڵاتانەی ئەدەب تەنیا چەکە، وەک هەر چەکێکی دیکە، کاتێک دوژمن ون دەبێ، ئیتر ئەم چەکەش وەک چەکەکانی دی بێمانا دەبێ (هەڵبەت هونەر و ئەدەب هەمیشە خاوەنی نێوەڕۆکی ئامرازیانە بووە، بەڵام یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی بەدووربوونی لە هەر حەزێکە کە دەیەوێ خۆی بە سەردا بقبڵێنێ) بڕوانە بۆچوونەکانی کانت. لاوازبوونی پاشخانی رۆشنبیری. ئەم بەشە بە تایبەت بۆ سیستەمی خوێندن دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە لە قوتابخانەدا چەند مێشک و دەروونی قوتابیان بە گرنگیی خوێندنەوە رادەهێنرێ، ئەوەی کە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان و دەروونی مرۆڤ زۆر لە دۆخە سیاسییەکان ئاڵۆزترن، هەر بۆیە زیاتر شیاوی لێوردبوونەوەن. جۆری وێنەی دەسەڵاتداران لە زەین و دەروونی خەڵکدا، ئەوەی کە جۆری سیستەمی سیاسی دەتوانێ ئۆقرە و هێوری و ئارامشێکی دەروونی لەناو کۆمەڵگادا چێبکا، یان دۆخەکە زیاتر دەوروژێنن. ئەمە بە تایبەت لە بواری ئابووریدا زۆر دەخوا. کاتێک لۆژیکی بازاڕ بەبێ هیچ بەربەستێک زاڵ ببێ و سیستەمی سیاسی بە جۆرێک لە جۆرەکان سنووورداری نەکەن، ئەوا پارە و دراو وەها دەبێ بە کولتوور کە دەبێ بەهۆی لاوازبوونی دیاردەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە. تەسلیمبوونی توێژی نوخبە بە دۆخی باو. ئەوەی کە بە نووسین ئەوان جۆرێکی دیکەن، بەڵام بە ژیان و بە کردەوە هاوڕێ و هاونشینی دۆخی باو.

جێگۆڕکێی جۆری پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگە. جاران تاک بە شوێن کۆمەڵگەدا دەڕۆیشت و ئێستا تاک پێیوایە دەبێ کۆمەڵگە بە شوێن ئەودا بڕوات. هەر بەو شێوەیە جاران لە نووسینەکاندا کێشەکانی ناو کۆمەڵگە بەرجەستەتر بوون و ئێستا زیاتر دەروونیاتی تاک. بەڕای من نە ئەوەی جاران بە جوانی دەربڕی هونەر بوو، نە ئەوەی ئێستا. هەمیشە لە هونەر و ئەدەبدا جۆرێک لە باڵانس دەبێ هەبێ. هونەر و ئەدەب، شوێنی پەیوەندی دیالکتیانەی تاک و کۆن.

سەمیمیەتی دەق. رەنگە پێمان سەیر بێت، بەڵام بەرهەمی چاک هەمیشە جۆرێک لە سەمیمیەت دەگەیەنێ. بزربوونی ئەم دیاردەیە، خوێنەر دەتارێنێ. دەق ناتوانێ دەستکرد بێت، هەڵچوونێکی رۆحی هەمیشە پێویستیی بێ ئەملاو و ئەولای دەقی چاک بووە. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم خوێنەرەکان هەمیشە لەوێن، لە بەستێنی کۆمەڵگەدا. ئەوان هەمیشە ئامادەی خوێندنەوەن، بەڵام مەرجەکانی ئەم حازربوونە زۆر و گرینگن.

# ژنێکی سەیرە



**بەهار حوسێنی**

1

هەمیشە بۆ ژیان لەناو ژیاندا دەژی
بە دەم بزەیەوە
باڵۆنێکی پرتووکاو
گڕ لەبنی دەدا و
بەرێی ئاسمانی درەوشاوەی
بیرەوەری دەینێرێ
ژنێکی سەیرە
هیچ بازنەیەک
رایناگرێت
ژنێکی زۆر سەیرە
ئەمە بەدەم رێوە
لەسەر مێزی خواردنەوە
بەدەم چاولێکردن لە فیلم
مەلەکردن لە رۆمان و
پیاسەکاندا
لە بازاڕ و میوانیەکانیان
پیاوە خەت لێدراوەکانی ژیانی دەیلێن
کەچی ئەو ژنە
بەدەم ژیانەوە لە ژیانیدا
بە وڕێنەکانی ئەوان جگەرەیەک دادە گرسێنێ و
پێدە کەنێ

2

فڕۆکەیەک تێپەڕی
لە کۆترێکی سپی دەچوو
لە ئاسمانێکی شیندا
فڕۆکەیەک نیشتەوە
کۆترێک خەڵتانی خوێن بوو
لەسەر کورسییەکی دارین
دانیشتبووم
کە یەکەمیانم بینی و
ئەویتریانم خوێندەوە
فڕۆکەیەکی تر هەڵفڕی،
جانتاکەم بەپرتاو خۆی خستە باوەشم.

# نووسینەوەی خاچی مەسیح



**حیسامەددین شێخ**

لەژێر سێبەری خاچێکدا وەستاوم
سێ ئاراستە، سێ رێگە
پیرۆزیی، ئەبەدییەت، نەگریسی

پێش ئەوەی نێوانیان تەی بکەم
بیر لە مەسیح دەکەمەوە
بیر لە بالاااای مەسیح دەکەمەوە
بیر لە بێتاوانیی باڵندە و مەودای فڕین دەکەمەوە
لەژێر سێبەری خاچێکدا وەستاوم
تژی لە سەرگەرمیی بێکۆتایی کەنینی ژین
تژی لە چاوەڕوانی و گەڕانەوە
سێ ئاڕاستە، سێ ڕێگە
لەچەقی شارێگەی نووسینەوەی خاچێکدا
رووم بەرەو ئاسمانە و
دەستێکم خۆرهەڵاتە و
دەستەکەی ترم ڕووەو تاوان
لە کەشکەڵانی پیرۆزی
رەنگ هەیە
دەنگ هەیە
لە کەشکەڵانی ئەبەدییەت
رێگا هەیە
فڕین هەیە
مەودا هەیە
بەردەوامی...
لە کەشکەڵانی نەگریسی
تاریکی هەیە
گەڕانەوە هەیە
گومانی بۆگەن
هەموو منەکان
سەرپشکن لە سەرشێواویی هەڵبژاردەکاندا
هەر رێگەیەک
شارێکە لە ئاوێنەدا
زەریایەکە لە شەپۆڵدا
بیابانێکە لە گومبووندا
ئێمە سروودی خۆرهەڵاتن بۆ نەوەکانمان دەخوێنین
ئێمە تەجویدی مەرگەساتی رابردوو فێری نەوەکانمان دەکەین
فێریان دەکەین
لە تاوانی ئاگر ببوورن
زمانی ئاو فێر ببن
فێریان دەکەین
دڵیان کڵۆم نەدەن، وەک بنیادەمی ئەم عەسرە
فێریان دەکەین
ئەسڵی تاریکی، رووناکییە
فێریان دەکەین
لە بەرائەتی پاکبوونەوەدا، وەک دڵی بەرد
وشکوبرنگ نەبن
فێریان دەکەین
لێڵ نەبن وەک توولەڕێی هاتونەهات
با قووڵ فێر بن
تا هەناوی دەریا
تا گلێنەی خۆرەتاو
دێینەوە
رۆژێ دادێ دەچینەوە
سەر پلیکانەی بە هەڵمبوونی عومری خۆمان
لەوێ خاچی
پیرۆزی، ئەبەدییەت، نەگریسی، دەکێشین
هەموو منەکان
سەرپشکن لە سەرشێواویی هەڵبژاردەکاندا
هەر رێگەیەک
شارێکە لە ئاوێنەدا
زەریایەکە لە شەپۆڵدا
بیابانێکە لە گومبووندا.